کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-11-2007 22:57

## گەندەڵتر لە گەندەڵی دەبی چی بی... ؟ تاهیر محەممەد

2007/11/21



گەندەڵی و شەفافیەت دوو چەمکی نامۆن بە کۆمەڵگاکەمان لە کاتژمێر سفر بە شێوازێکی دیبلۆماسیانە خۆیان خزاندۆتە ناو فەرهەنگی ئیدارەو ژیانی ڕۆژانەمان ئیتر وای لێ هاتووە هەرچییەکی بیکەین لە ڕاوو ڕووت و کاری نابەجی لە ژیانی رۆژانەماندا و لەهەموو داموو دەزگا ئیدارییەکان ئەوا زۆربەبی شەرمانە دەیخەینە ئەستۆی ئەم دوو چەمکە نامۆ بی کەسە ئەویش (گەندەڵی و شەفافیەتن) لەکۆڕوو کۆبونەوەو ڕاگەیاندنەکاندا وباس دەکری گوایە بەرپرسی یەکەم لەوهەموو کارە ناشەرعیانەی کە دەکرێن دەرهەق بەم گەلە زۆر لی کراوو ستەمدیدەیە گەندەڵییەو بەرپرسی دووەمیش شەفافیەتە و کەسی تر لییان بەرپرس نیە... تاڕادەییێك خەڵك شارەزایی دەربارەی گەندەڵی پەیداکردووە و دەزانن لەکام سەرچاوە هەڵقوڵاوەو ئامانجەکانی چین.. بەڵام گەر بێینە سەر شەفافیەت کەمێك پێویستی بە شیکردنەوەو ڕونکردنەوە هەیە بۆ خەڵکانێکی نەشارەزا بەسیاسەت و ڕگەیاندنەکانیان و فرت و فێڵەکانیان. لەزانستی فیزیادا یاسایێك هەیە پێی دەڵێن کارو کاردانەوە واتە لەهەر شوێنێك کار هەبێت بێگومان کاردانەوەی دەبێت، لێرەدا لەسەر بنەمای ئەم یاسایە بۆمان دەردەکەوێت کە شەفافی ەت لەو شوێنەدا سەری هەڵدا کەشتی شاراوەی تێدابوو، کاروکردارو سەوداو مامەڵەی نابەجێ وناشەرعی رویانداوە کەپێویستیان بە شاردنەوە هەبوو ئەویش لەئاستی جۆراو جۆر.. کەماوەیێکی زۆر ئەم جۆرە کارانە بەردەوام بەشاراوەییئەنجام دەدران، بەڵام بەر لەوەی ئاشکرابن ئەوانەی ئەم کارانەیان ئەنجام ئەدا لەپێناو ئەوەی کە ڕق و تووڕە ی جەماوەر بخۆنەوە فەلسەفەیێکیان داهێنا و چەمکێکیان دروستکرد و ناویان نا (شەفافیەت) تا ئێستاش وەکوو چەکێکی زۆر کاریگەر بەرامبەر هەموو هێرشێك کەبۆیان ئامادە دەکری بەکاری دەهێنن لەکۆرو کۆبونەوە دەزگاڕا گەیاندنەکان بەم شێوەیە خەلك چەواشە دەکەن گوایە تا ئێستا لەبەر هەر هۆیەك بووبێت ئەو بابەتانەی کەبەشاراوەیی و پلان و بەرنامەیان بۆ دانراوە بەبی ئاگاداری جەماوەر ئەوا لەمەودوا شتەکان بەشەفافیەتەوە باسیان لێوە دەکری کەچی تا ئێستاش لەگەڵدابێت زۆر شتی گرنگی وا هەن کە پەیوەستن بە بژێوی ژیان و چارەنوس و دوارۆژی میللەت هەر بەشاراوەیی ماونەتەوە..
لێرەدا ئەگەر گەندەڵی بریتی بێت لەوەی کە ئەوەی ئەرکێکی لەسەرشانەو بەتەواوی بەجێ ی ناگەیەنی جالەهەر ئاستێکدابێت فەرمانبەرێکی سادە بێت یان بەرێوەبەرو بەرێوەبەری گشتی و چاودیرەکان و وەزیرەکان بن وەیان ئەمانەتێکی ئەم وولاتەی لەدەستدابێت و لەپێناو بەرژەوەند یە تایبەتیی یەکانی خۆی بەکاریان بهێنی.. وەیان کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بەرەو پێش چوونی وولات دابنێن ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی گەندەڵی.
تا ئێرە زانیمان گەندەلی چیە.. بەڵام کارەسات لەوەدایە کە گەندەلتر لەگەندەڵی هەیە ئەویش ئەوەیە کە تا ئیستا بەرپرسی یەکەم لەهەموو فەرمانگەو دائیرەو دام و دەزگاو وەزارەتەکانی وولاتە شیرینەکەمان نەیانتوانیوە یان نەیان ویستووە کەسێك بەناوی گەندەڵی دەستنیشان بکەن و سین و جیمی لەگەل بکری و لەسەر گەندەڵیەکەی سزا بدری.. نەهیچ بەرێوەبەرێك و نە بەرێوەبەرە گشتییەکان نە جەنابی وەزیرە بەرێزەکان فەرمانبەرە گەندەڵچییەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان دەست نیشان و سزا ئەدەن تەنانەت پەرلەمانیش وەکو پێویست ئەرکی سەرشانیان جی بەجی نە کردوە لە لێپرسینەوەو چاودێریکردنی دام و دە زگاگانی حکومەت لەگەڵ ئەوەی کە لە ناو هەیکەلی ئیداری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەرلەمان ژمارەییك لیژنە هەن كە ناونیشانی جوان و بریقە داریان هە یە كەچی تا ئێستا نەزانراوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی كا رێكی بە رچاوین ئەنجام دابی بە لاّم تا ڕادەییێكیش حەقیانە و گلەییان لی ناكری لەبەر ئەوەی موو چەكەیان زۆر كەمەو بەشیان ناكات ئەگەر بەراوورد بكری لەگەڵ مووچەی خە لكانی تر، ئەم وولاّتە وەك ئەوە وایە بی خاوەن بێت لەبەر ئەوە پیشنیار دەكەم بۆ ماوەییێك ناوی حكومەتی هەرێم بگۆڕین بۆ (هەركەتی هە رێم)

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.